www.alibapir.com

سەنتەری مەدینە بۆ لەبەرکردنی قورئان
پرۆژەی ژمارە ٧

ناوە هەرە چاکەکانی خوا

عەلی باپیر

التفسير

www.alibapir.com

ناوە هەرەچاکەکانی خوا

www.alibapir.com

www.alibapir.com

ناوە هەرەچاكەكانی خوا

عەلی باپیر

(٣)

www.alibapir.com

ناوی کتێب بەکوردی:	**ناوە هەرەچاکەکانی خوا**
نوسینـــــــــــی:	عەلی باپیر
بڵاوکردنـــــــەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی نـاوەوە:	جمعه صديق كاكه
خـــــــــــە ت:	نەوزاد کۆیی
بـــــــــەرگ :	أمین مخلص
نـۆرە و سـاڵی چـاپ:	یەکەم ١٤٣٤ك – ٢٠١٣ز
تــــــــــیراژ:	٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - ژمارەی سپاردن (...) ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

پێشەکی

بێگومان ناوو وەسفەکانی هەرکەسێک لەقەدەر خۆینی، خوای پەروەردگاریش کە سنوورێک نیە بۆ بەرزیی و مەزنیی و چاکیی و پاکیی و جوانیی و شکۆ و دەستەڵات و زانیاری و حیکمەت و بەزەیی و بەخششی، خاوەنی سەرجەم ناوە هەرەچاک و سیفەتە هەرە بەرز و پەسندەکانەو، هیچ وەسف و سیفەتێکی بەرز و پەسند نیە کە بە تەواوترین شێوە لەخوای بێ وێنەدا نەبێ. وەک لەبارەی ناوە هەرەباشەکانی یەوە، فەرموویەتی:

﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَا﴾الأعراف-١٨٠.

واته: وه خوا ناوه هه‌ره‌باشه‌كانی هه‌ن، ده‌جا هه‌ر به‌وان لێی بپاڕێنه‌وه.

له‌باره‌ی سیفه‌ته هه‌ره به‌رز و په‌سنده‌كانییه‌وه، فه‌رموویه‌تی:

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهۡوَنُ عَلَيۡهِۚ وَلَهُ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾الروم-١٧.

واته: وه ئه‌و (خوا) ئه‌و كه‌سه‌یه كه دروستكراوه‌كان وه‌دی دێنێ، پاشان -دوای فه‌وتان- ده‌یانگێڕێته‌وه‌و له‌لای سووكتریشه وه له

ئاسمانــەکان و زەوی دا خــاوەنی وەســفە هــەرە بەرزەکانە، وە ئەو زاڵی کاربەجێیە.

شایانی باسیشتە کە پابەندیی بە شەریعەتەوە لــە ڕووی نــاوو سـیفەتەکانی خــواوە زۆر گرنگــە، چــونکە بێگومــان جگــە لــە خــوا هیچــکەس وەک پێویستەو بۆ خوا شایستەیە خوا سبحانه وتعالی ناناسـێ و پــەی بــە نــاوو سـیفەتە هــەرە چــاک و پەســندەکانی نابــات، وە بەدرێــژایی مێــژووی بەشەر، بە هەڵەداچوون لە ناسینی خوادا، بەهۆی پەیپێنــەبردنی نــاوو ســیفەتەکانییەوە، لادان و خلیســکان گــەورەو بێــڕەزا ســەریان هەڵــداوە لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ خوادا، کە لە هـەموو ئـەو لادان و خلیسکانانە زلـتر و بـەزەڕتر، بریتـی

بووە لە هاوبەش بۆ خواردنێک (المشرک باللّٰه)، هاوبەش بۆ خوادانانیش بە پێناسەیەکی کورت پوخت ئەوەیە کە غەیری خوا لەگەڵ خوادا یەکسان بکرێ، لە یەکێک لەو شتانەدا کە تایبەتمەندیی خوان، وەک بەدیهێنەرایێتی و پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی و ناوو سیفەتەکانی (الخالقیة والربوبیة والالوهیة وأسمائه وصفاته)، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە بێڕەواو هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، ڕۆژی دوایی لە دۆزەخدا پەشێمان دەبنەوەو، دان بە هەڵەو تاوانی خۆیان دادێنن و دەڵێن:

﴿تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٩٧ إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الشعراء-٩٧-٩٨.

واتە: بەخوا ئێمە لە گومڕایی یەکی ئاشکرادابووین. کە ئێوەمان -ئەی بت و صەنەم و تاغووتەکان- لەگەڵ پەروەردگاردا یەکسان دەکرد و بەیەک چاو تەماشامان دەکردن!

دیارە هەر بۆیەش خوای کاربەجێ پاش ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خاوەنی هەرچی ناوی هەرەپەسند و باشە فەرموویەتی:

﴿وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ الأعراف-١٨٠.

واتـە: وە ئەوانـە وێـڵ بکـەن و پشتگوێ بخـەن، کـە لـە ناوەکـانی خـوادا لادەدەن. لـە مـەودوا بەمسـوگەریی سـزای ئـەوەی دەیکـەن وەردەگرنەوە.

ماوەتەوە لەم پێشەکی یە کورتەدا بڵێم:

بێگومـان شـارەزایی و ئاشـنایەتی هـەر کەسێک بە چەمک و واتای ناوو سیفەتەکانی خـوا عزوجل، لەقـەدەر خواناسین و ئیمانیـەتی و مـرۆڤ هـەتا لـە خوا نزیکتر بێ و ئیمانی ێی دامـەزراوتر بـێ و بـۆی ملکەچـتر و فەرمانبـەرتر بـێ، بـەناوو سیفەتەکانیشـی ئاشـناتر دەبـێ و زیـاتر لێیـان تێدەگات و پێیان بەرەو خوا دەچێ و کاملْ دەبێ و پێدەگات.

خوا بە لوتف و بەخششی بێ سنووری خۆی یارمەتیمان بدات کە هەرچی زیاتر بەناوە هەرەچاکەکان و سیفەتە هەرە پەسندەکانی ئاشنا بین و لە هەر جۆرە لادان و خلیسکانێکیش پەنامات بدات و بمانپارێزێ.

٢٧/ذی الحجة ١٤٣٣

٢٠١٢/١١/١١

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
PDF
AliBapir/عەلی باپیر
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
عربي - كوردی - English
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

www.alibapir.com

خوا خاوەنی چەند نــاوێکە کە چاکترین و تەواوترین ناون:

خــوای پــەروەردگار خــاوەنی چــەند ناوێکــە، ئەوانــەش بــەرزترین‌و تــەواوترین نــاون‌و پێویستە مرۆڤ بەس بەو ناوانە بانگی خودا بکـات‌و لەبـەری وەپاڕێ و هیچ ناوێکی دیکەی لێ هەڵنەدات، وەک خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ:

﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ﴾(١).

---

(١) (الأعـراف - ١٨٠).

www.alibapir.com

واتە: وە خودا ناوی چاکو پەسندی هەن، جا بەو ناوانە بانگی بکەن وە واز لەوانە بێنن کە لە ناوەکانی لادەدەنو دەیانگۆڕن.

هەڵبەتە ئەو ناوانەش هەر کامێکیان دروشمو نیشانەی یەکێک لە سیفەتە تەواوو بەرزەکانی خودان.

پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ لە بارەی ئەو ناوانەوە فەرموویەتی:

((إِنَّ لِلّه تَعالى تِسْعَة وتِسْعُينَ إِسْماً مائَة إلاّ واحداً، مَنْ أحصاها دَخَلَ الجَنَّة، إِنَّه وِتْرٌ يحِبُ الوَتِرَ))(١)

---

(١) (رواه الشيخان).

واتـە: بێگومـان خـوای بـەرز نـەوەدو نـۆ نـاوی هەن، سەد جگە لە یەکێک، هەر کەسێک کۆیان بکاتـەوە دەچـێتە بەهەشتێ.بێگومـان ئـەو تاکـەو تاکی خۆش دەوێ.

ئنجـا پێغەمبـەرمان ﷺ لـە فەرموودەیـەکی دیکەدا کە (ترمذي وابن حبان وابـن خزيمـة وحـاكم وبيهقـي وابـن ماجـة) گێڕاویانەتـەوە ئـەو (٩٩) ناوەی باس کردوە کە ئێمە لێرەدا دەیاننووسین و بە کوردیش مانایان لێک دەدەینەوە:

www.alibapir.com

هُوَ اللهُ الذي لا إلهَ إلاّ هُوَ:

١ - اَلرَّحْمٰن بەبەزەیی

٢ - اَلرَّحِيم بەخشندە

٣ - اَلْمَلِك سەرۆک، پادشا

٤ - اَلْقُدُّوس پاک

٥ - اَلسَّلام بێعەیب، بێپەڵە

٦ - اَلْمُؤْمِن دڵنیاکەر، بەراست دانەر

٧ - اَلْمُهَيْمِن بەسەر ڕاگەیشتوو

٨ - اَلْعَزِيْز   زاڵ، دەستەڵاتدار

٩ - اَلْجَبَّار   باڵادەست، ناچارکەر

١٠ - اَلْمُتَكَبِّر   خۆبەگەورەزان

١١ - اَلْخَالِق   دروستکەر، بنیات نەر

١٢ - اَلْبَارِئ   بەدیهێنەر

١٣ - اَلْمُصَوِّر   وێنەکێش

١٤ - اَلْغَفَّار   لێبوردە

١٥ - اَلْقَهَّار   گەردن کەچکەر

www.alibapir.com

١٦ -اَلْوَهَّاب بەخشەر

١٧ - اَلرَّزَّاق ڕۆزی دەر

١٨ -اَلْفَتَّاح دەرووکەرەوە

١٩ - اَلْعَلِيم زانا

٢٠ - اَلْقَابِض لێگرەوە، وێکهێنەر

٢١ -اَلْبَاسِط لەدوودەر، فراوانکەر

٢٢ -اَلْخَافِض دانەوێن، نەوی کەر

٢٣ - اَلرَّافِع بڵندکەر، بەرزکەرەوە

www.alibapir.com

٢٤ - اَلْمُعِزُّ زاڵکەر ، عیززەت بەخش

٢٥ - اَلْمُذِلُّ زەبوونکەر ، مل پێکەچکەر

٢٦ - اَلسَّمِيْعُ بیسەر

٢٧ - اَلْبَصِيْرُ بینەر

٢٨ - اَلْحَكَمُ فەرمانرەوا، حوکمران

٢٩ - اَلْعَدْلُ دادگەر

٣٠ - اَللَّطِيْفُ چاکەکاری پەنهان، وردبین

٣١ - اَلْخَبِيْرُ شارەزا، هەواڵدەر

٣٢ - اَلْحَلِيْم — هێدی، ئارام

٣٣ - اَلْعَظِيْم — مەزن

٣٤ - اَلْغَفُور — لێبوردە، گوناح پۆش

٣٥ - اَلشَّكُور — سوپاسگوزار

٣٦ - اَلْعَلِيّ — بەرز

٣٧ - اَلْكَبِيْر — گەورە

٣٨ - اَلْحَفِيْظ — پارێزەر

٣٩ - اَلْمُقِيْت — بژیوگەیێن، دەستەڵاتدار

٤٠ - اَلْحَسِيْب لێپرسەرەوە

٤١ - اَلْجَلِيْل سیفەت بەرز

٤٢ - اَلْكَرِيْم بەڕێز، ڕێزگر

٤٣ - اَلرَّقِيْب چاودێر

٤٤ - اَلْمُجِيْب وەڵامگۆ

٤٥ - اَلْوَاسِع فراوان

٤٦ - اَلْحَكِيْم کاربەجێ، لێزان

٤٧ - اَلْوَدُوْد بەندە دۆست ، خۆشویستراو

٤٨ - اَلْمَجِيْد — پایەبەرز، خاوەن شکۆ

٤٩ - اَلْبَاعِث — زیندووکەرەوە، نێرەر

٥٠ - اَلشَّهِيْد — ئاگادار، ئامادە

٥١ - اَلْحَقّ — پایەدار، راست، هەق

٥٢ - اَلْوَكِيْل — کارپێ سپێرراو، پشتوپەنا

٥٣ - اَلْقَوِيّ — بە توانا

٥٤ - اَلْمَتِيْن — بەهێز، قایم

٥٥ - اَلْوَلِي — دۆست، یاریدەدەر

٥٦ - اَلْحَمِيْد ستایش كـراو، شایسـته‌ی سوپاس

٥٧ - اَلْمُحْصِي ژمێره‌ر

٥٨ - اَلْمُبْدِئ پەیداكه‌ر

٥٩ - اَلْمُعِيْد گێڕه‌ره‌وه، زیندووكه‌ره‌وه

٦٠ - اَلْمُحِي ژیێنه‌ر

٦١ - اَلْمُمِيْت مرێنه‌ر

٦٢ - اَلْحَيّ زیندوو

www.alibapir.com

٦٣ - اَلْقَيُّوْم مشوورگێڕ، ڕاوەستاو

٦٤ - اَلْوَاجِد هەبوو

٦٥ - اَلْمَاجِد خاوەن پایەی بەرز

٦٦ - اَلْوَاحِد یەک

٦٧ - اَلْأَحَد تاک، تەنیا

٦٨ - اَلصَّمَد حەوجێ پێ بوو، جێی مەبەست (جێی نیازو بێنیاز)

٦٩ - اَلْقَادِر توانادار

٧٠ - اَلْمُقْتَدِر خاوەن سەرچاوەی توانا

٧١ - اَلْمُقَدِّم پێشخەر

٧٢ - اَلْمُؤَخِّر دواخەر

٧٣ - اَلْأَوَّل یەکەمین

٧٤ - اَلْآخِر دوامین

٧٥ - اَلظَّاهِر دیار، ئاشکرا

٧٦ - اَلْبَاطِن ون، پەنهان

www.alibapir.com

٧٧ ـ اَلْوَالِي سەرپەرشتیکەر

٧٨ ـ اَلْمُتَعَال زۆربەرز، خۆ بە بەرزگر

٧٩ ـ اَلْبَرّ چاکەکار

٨٠ ـ اَلتَّوَّاب تۆبە وەرگر

٨١ ـ اَلْمُنْتَقِم تۆڵەستێن

٨٢ ـ اَلْعَفُوّ چاوپۆشیکەر

٨٣ ـ اَلرَّؤُوف میهرەبان

٨٤ - مَالِكُ الْمُلْك   خاوەن مڵک

٨٥ - ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَام   خاوەن پایەی بەرزو ڕێز

٨٦ - اَلْمُقْسِط   دادپەروەر

٨٧ - اَلْجَامِع   کۆکەرەوە

٨٨ - اَلْغَنِي   دەوڵەمەند

٨٩ - اَلْمُغْنِي   دەوڵەمەندکەر، بێ نیازکەر

٩٠ - اَلْمَانِع   بەرگر، پێشگیری کەر

www.alibapir.com

٩١ - اَلضَّار (١) زیان گه‌یێن به‌ دوژمن و ناحه‌زانی.

٩٢ - اَلنَّافِع سوود گه‌یێن به‌ دۆست و خۆشه‌ویستانی.

٩٣ - اَلنُّور رووناكی.

٩٤ - اَلهَادِي رێ پیشانده‌ر.

---

(١) پێشتر باسمان كرد كه‌ زانایانی فه‌رمووده‌ناس (المحدِّثون) له‌ باره‌ی سه‌نه‌دی ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌وه‌ به‌ گشتی مشت‌ومڕیان هه‌یه‌، وه‌ به‌ تایبه‌ت له‌باره‌ی وشه‌ی (الضّارّ)ه‌وه‌ ئیشكالیان هه‌یه‌و مه‌گه‌ر (قَید)ێكی بخرێته‌ سه‌ر وه‌ك (الضّارّ بالكافرین) ئه‌گه‌رنا شایسته‌ی خوا (سبحانه‌وتعالى) نیه‌و به‌ یه‌كێك له‌ ناوه‌كانی دانانرێ.

٩٥ - اَلْبَدِيع — داهێنەر، بێوێنە.

٩٦ - اَلْبَاقِي — هەرماو.

٩٧ - اَلْوَارِث — میراتگر.

٩٨ - اَلرَّشِيْد — کارزان، شارەزاکەر.

٩٩ - اَلصَّبُور — ئارامگر.

www.alibapir.com

چەند ئاگاداری یــەك دەربارەی ناوەکــانی خــوا

١ ــ وەک لــەو فەرموودانــەوە کــە ڕابــردن دەردەکەوێ، ناوی خوا (الله) -جل جلالــە- لە ڕیــزی (٩٩) ناوەکــان نــەژمێرراوە، دەنــا دەیکردە (١٠٠)، بێگومان هەر واشە چونکە فەرموودەکە دەڵێ (إِنَّ لِلّــهِ...) کەواتە ئەو (٩٩) ناوە هەموویان سیفەتی خوا (الله)ن و وەسفی ئەویان پێکراوە.

٢ ـ مەبەست لە ڕستەی: (مَــنْ أَحْصــاها دَخَــلَ الجَنَّةَ) لەسەر ڕای زۆربەی زانایان لەبەرکردن و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەو کارپێکردنی ئەو ناوە بەرزو پەسندانەیە.

www.alibapir.com

٣ ــ کاریگـــەریی ئـــەو نـــاوە بـــەرزو چـــاکانە بـــۆ چاککردنی ئینسانو لە خوا نزیک خستنەوەی، لـەو ڕووەوەیـە کـە خـوای بـەرزو مـەزن پێـی خۆشــە بــەناوو ســیفەتە بــەرزەکانی مــەدحی بکـەین، وە هـەتا زیـاتریش ئـەو نـاوو سیفەتە بەرزو چاکانەی خوا لـە دڵو مێشکی ئینساندا جێگیر بـبن‌و، پتـر بیـریان لـێ‌بکاتەوە، زیـاتر کاردەکەنـە سـەر دڵو دەروونـی‌و لـە سـیفەتی بەرزو ڕەوشتی پەسەند نیزیکتر دەبێتەوەو لە ناســینی خــوادا شــارەزاتر دەبــێ‌و قاڵتـــر دەبێتەوە(١).

---

(١) لــە هــەر کــام لــە (الأذكــار)ی (نــووي) و (تحفــة الــذاكرين)ی (شوكاني)دا ناوە بەرزەکان نەقڵ کراون، بڕوانـە (الأذكـــار) ل ٩٤ ، (تحفة الذكرين) ل ٥٣، بەڵام لە کتێبی (الأذكار)دا نـاوی

www.alibapir.com

٤ . هەندێک لەناوە پەسندو چاکەکانی خوادا (صیغة المبالغة)یان بۆ بەکارهێنراوە وەک: الفتاح، التواب، الوهاب... هتد، بەڵام: لەبەرئەوەی لە کوردیدا ئەم جۆرە دەربڕین (تعبیر)ە نیە، من هەروا بە ئاسایی وەرم گێڕاونە سەر زمانی کوردی، دەنا لە ڕاستیدا ئەگەر مانای وشەییم ڕەچاوکردبا دەبوو بۆ (الفتاح) گوتبام زۆر زۆر زۆر... دەرووکەرەوە!! وە هەروەها بۆ ئەوانی دیکەش.

(الاحد) کە ژمارەکەی (٦٧)ە پەڕێنراوەو جگە لە ناوی (الله) ژمارەی ناوەکان (٩٨) ن، بەڵام (تحفة الذاکرین) بەو شێوەیەی هێناون کە من نووسیومن.